Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.02 02:32:11 +01'00'

# جەژنە پیرۆزە لەسەر شێوازی ئیسلامی!

**ئەگەرچی هەتا نووسینی ئەم چەند دێڕە هێشتا هەواڵەکان بە چڕوپڕی ڕوون نەبوونەتەوە، بەڵام ئەم دوو کارە تیرۆریستیەی ئەمڕۆی هەولێر دڵتەزێن و جێگەی داخن. سەرباری هەڵوێست و بۆچوون بەرامبەر ئەو دوو لایەنەی ئەم کارە دڕندەیەیان لە دژ ئەنجام دراوە، بەڵام ئەمە خۆی لە خۆیدا لە ئەم دووڕیانە مێژوویە گرنگەی ئەمڕۆدا هێرشە بۆ سەر ماڵی کورد.**

**من کارم بە قەوارە و درێژەی ئەو ڕووداوە نیە، چونکە ئەوە نە یەکەم ڕووداوە و نە دوا ڕووداوی لە ئەو بابەتە دەبێت. تا ئیسلام و دووڕوویی و ترس لە ئارادابن، کوردستان و ناوچەکە دەبێت لە** 1400 **ساڵی تری بەربەریەت و ناشارستانیەتدا بژین (ئەگەرچی گومانم هەیە تەنانەت** 140 **ساڵی تریش درێژە بخایەنێت!).**

**بەڵێ ئەوە حەقیقەتی ئیسلامە، ئەوەی یەک تۆزقاڵ گومانی لە ئەوە هەیە با جورئەتی ئەوەی هەبێت لە ڕونگەیەکی بێلایەنیەوە بە مێژووی** 1400 **ساڵی ڕابردوودا بچێتەوە. ئەگەر ئەوەی بۆ نالوێت با تەماشای مێژووی بەعسی عێراق بکات کە نموونەیەکی ئێجگار بچووکراوەی ئیسلامە.**

**سەیر لە ئەوەدایە کە ئەو دوولایەنەی ئەم کارەیان لە دژ کراوە و ئەوانەی ئەمڕۆ وەها دڕندانە لاشەیان هەلا هەلا کراوە سەرقاڵی پیرۆزباییکردن لە یەکتر بوون بە بۆنەی ئەو جەژنە قووربانە ئیسلامیەوە کە خۆیان بوونە قووربانی. بەڵێ لە پرسەکانیاندا قورئان دەخوێنرێتەوە کە بە فەرمان و بە گوێرەی خودی ئەو قورئانە بووە کە تیرۆر کراون. دڵنیام زۆربەی ئەوانەی ئەمڕۆ گیانیان لە دەستداوە مێژووی ئیسلامیان چاک زانیووە بەڵام بە داخەوە، لەبەر هەر هۆیەک بێت، پێیان باشتر بووە ملکەچی ئەو** 1400 **ساڵەی بەربەریەت بن نەک ڕاستییەکان بدرکێنن.**

**ئای لە سەیر و سەمەری دنیا، لە کاتێکدا بە چاوی فرمێسکەوە لەسەر کەناڵەکانی میدیای ئەو دوولایەنە، و لایەنەکانی تر، کەسانێکی زۆر بە پەژارەوە باسی ئەو کارە بەربەریە دەکەن کەچی هەر لە سێ ووشەدا یەکێکیان ووشەی "ئینشاڵڵا"ی ئیسلامە!**

**بەڵێ ترساندن و تۆقاندن لە لایەن ئیسلامەوە جۆرێک نەفامی و دووڕوویی خوڵقاندووە کە زەمینەی نکۆڵیکردنی لە ڕاستیە زانستیەکان کە لە خۆر ڕووناکترن، ڕەخساندووە. بەڵام سەدەی بیست و یەکە و چیتر نابێت ملکەچی درۆ، نەفامی و بەربەریەت بین. لە ئەم ساتەی ئەمڕۆی مێژوودا، بە ڕای من، دوو بەرە لە ئارادایە بەرەی شارستانیەت بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی و، بەرەی ناشارستانی بۆ لە ناوبردنی مرۆڤایەتی.**

**ئەگەرچی هەموو ئازادین (بە پێچەوانەی ئیسلام کە ئەو ڕێگەیەمان پێنادات) لە ئەوەدا کە لە چ بەرەیەکدا خۆمان دەبینینەوە وە یان چ بەرەیەک هەڵدەبژێرین، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە کە لە ئەو هەڵبژاردنەدا ڕاستگۆبین و بە تەواوەتی بیسەپێنین. گومانم نیە ئەو دوو نەفامەی ئەمڕۆ خۆیان تەقاندەوە بۆ بەرەکەیان ڕاستگۆبوون و بە مانای ووشە گوێڕایەڵی بوون.**

**تێبینی**:
***ئەم چەند دێڕە دەربڕینی بیروڕایەکی شەخسیە و بۆ بریندارکردنی هەستی هیچ تاکە کەسێک نیە، بەڵام ئەگەر کەسێک پێی بریندار بووە ئەوە کێشەی خۆیەتی.***

**سالار باپیر**

**ئینگلتەرا،** 2004/2/1
salarb@hotmail.com